# بەڕێزان: حمەسەعید حەسەن و دکتۆر عەبدوڵا ئاگرین ، باگەمەکە بەیەکجاری دوایی بێت



**بەدیع بەلیغ محەمەد**

٢٠٠٤/١٢/٢٥

Badyemuhamed٨٥@hotmail.com

لە سۆنگەی هەست بە بەرپرسیاری نیشتیمانی و سیاسی‌یەوە ، ئاشكرایە ، ئەركی نووسەر ، ڕۆشن كەرەوەی ڕێگای تاریكی ژیانی مرۆڤە و هاوخەمی و سۆزداریە بۆ میللەت.

پەرۆشی بۆ مەسەلەی ڕەوای گەل و نرخاندنی خەبات و ماندوبوونی بەرێزان ، دكتۆر عەبدوڵا ئاگرین و حمەسەعید حەسەن و لە پێناو بەرژەوەندی گشتیدا ، چاك وایە چەند لە دەست دڵسۆزان بێت ، قسەی خێر بۆ ڕەواندنەوەی تەمی ئەو گرفتەی نێوانیان بكرێت و ئەو گەمە سیاسیەی لەخۆرا هاتە پێش كە سەرەتا و ئەنجامەكەی نە لە خزمەت دۆزی كورد نە لەگەڵ ئەركی نیشتمانی هیچ لایەكیان دا نەدەگونجا و كەسیان لەو مل ملانێ یەدا براوە نەبوون و تەنیا خۆویست و ئاژاوەگێر ختووكەی خۆیانیان پێدا و بە هەردولاش پێكەنین.

جێی داخە ، دوای بێ دەنگی یەكی درێژ جارە ناجارێك ئەو مەسەلەیە ، لەلایەن ناحەزانی هەردوو بەرێزان تازە دەكرێتەوە ، سائەوە بەناوی ئاشكراوە بێت یاخود ناوی خوازراو ، لە بن دەمامكەوە بەشێوازی نووسینی هەریەك لە بەرێزان ، وتاری هێرش بۆسەر بەرامبەرەكەی بڵاودەكەنەوەو بەنزین بەسەر ئاگردا دەكەن.

لە جێگای خۆی دایە ، داوا لە بەرپرس و خاوەن سایتەكان بكرێت ، ئیدی بە هیچ شێوەیەك ، بەناوی نهێنی‌یەوە و لە بن دەمامكەوە نووسینی جنێودان بڵاونەكەنەوە ، نەك تەنها ئەوەندە ، بەڵكو بەناوی ئاشكراشەوە مەجال نەدەن درۆ و سوكایەتی بە كەس بكرێت.

بەرێزان : پشتی بەدواداچوونێكی ورد و قەناعەت بەخش و لەسەر ڕۆشنای ئەونووسینانەی بڵاوكراونەتەوە ، ئەو ڕاستی یە دەركەوتووە و تا ئێستا زانراوە ، بەرێز دكتۆر عەبدوڵا ئاگرین دوای وتاری : بەدوای : ڕوونكردنەوەیەك بۆ ڕای گشتیدا: ی ٢٠٠٤/٤/٢٧كە تیایدا نووسیویەتی:ئێستاش لە ئاكام دا ، هەقیقەتی مەوزوعەكە وەك چۆن خۆم ، بەو پەڕی بڕوا بەخۆكردنەوە لە سەرەتاوە خستمەڕوو بەشایەتی ، شایەت حاڵ و عەیان ئاوا یەكلایی بووەوە ، بۆیە لەسەر داخوازی زۆر براو نووسەری دڵسۆز و قەناعەتی خۆشم ، سەبارەت بەو مەوزوعە لەگەڵ پاراستنی مافی یاسایی خۆم تیایدا ، وام بە باش زانی چی دی بەنووسین تێكەڵی هیچ جۆرە وەڵام و وەڵام كاری یەك نەبم(١) - ، ئیدی دوای ئەو ڕوون كردنەوەیە هیچ نووسین و وتارێكی بڵاونەكردۆتەوە .

لە گۆشەنیگای دڵسۆزی و بەو نیازەی نەك ئاگری ئەو شەڕە دابمركێتەوە ، بەڵكو بە تەواوی ئاوی ڕاستی قەناعەت هێنانی بەسەردا بكرێت ، بە زمانی برایانەو بەڵگەو شایەت و ژمارە ڕوو لە هەردوو بەرێزان بكرێت و بە یەكجاری دوایی بەو گەمەیە بهێنرێت.

شایانی ئاماژه پێ كردنه ، ئەم دەست پێكه بێ دیكۆمێنتی سەلمێنەر ئەنجام نەدراوه ، لە سەرەتاوه تاكۆتایی پێ هاتنی گەمەكە ، وردو درشت و ئاشكرا و شاراوەی ئەو مەسەلەیه هەڵسەنگێنراوه و پەیوەندیش بە كەسان و لایەنی بیرورِاو هەڵوێست جیاواز كراوه و ئەم ئەنجامەی لێ كەوتەوه و قەناعەت بەخشیشه و بەرێزتان ئەم ماندوبوونە دەنرخێنن و بە چاوی رێزەوه وەری دەگرن.

بە باش زانرا ، لەو دەست پێكەی بەرێز حمەسەعید حەسەنەوه ئاشنای كێشەكه بین ، لە نووسینی-گەمەكە دوایی هات-ی رۆژی ٢٠٠٤/٩/٢٥ی كوردستان نێت ، روو لە دكتۆر ئاگرین دەكات و دەڵێت-لەو داوایەش پاشگەز بویتەوه كە لە دادگای لێكۆڵینەوەی هەولێر لەسەرت تۆماركردبووم[٢]- كێشانەوەی ئەو دەعوایه ، وەك بەرێز حمەسەعید راگەیاندووه ، پێدەچێت لەسەر داوای دۆستی هەردوولا بووبێت نەك وەك شێوازی راگەیاندنەكەی بەرێز حمەسەعید كە وای دەرخستووه لە ترس یاخود لەژێر گوشار و فشاردا بووبێت: دەبوو ئەو هەڵوێستە بنریخێنرایه و بە حاڵەتێكی پۆزەتیف دابنرێت ، دەخوازم دكتۆر ئاگرین كاردانەوەی زبر و پێچەوانەی بۆ ئەو نووسینە نەبێت و بەگیانی بەرزی وەرزشانە وەری گرێت.

بەرێزان: ئەگەر لە رووی یاسایی و نەرێتی ناو كۆمەڵەوه لە هەندێك پرسیار بروانرێت ، ئاسان نیيە ، كەسێك یاخود لایەنێك بخرێتە ژێر گوشاری وەڵام دانەوەی پرسیارێك ، كە دەستێوەردان بێت لە كاروباری ژیانی ناوخۆ و تایبەتمەندێتی كەسێك یاخود لایەنێك ، بۆ ئەو پرسیاركردنانە تەنها لایەنی رەسمی و شەرعی (مخول) كراوه و بۆیان هەیه ، ئەو جۆره پرسیاره تایبەتی و شەخسیانە بكەن. بەڵام تازه قسەكە دەرچوو ، بۆ دوای پێهێنانی تەواوی ئەو گەمە سیاسییه ، لە جێگای خۆیدایەتی وەڵامی پرسیارەكان بە بەڵگەی سەلمێنەر بدرینەوه.

بەرێز حمەسەعید لە گوتاری –خۆم بە درۆ ناخەمەوه-ی ٢٠٠٤/٦/٩دا روو لە بەرێز د.ئاگرین دەكات وپێی دەڵێت:- من نەم گوتووه تۆ بەعسی بوویت ، یان فایلت گیراوه[٣]- دەكرێت ئەمە بە نیەت پاكی بەرێز حمەسەعید حەسەن دانرێت ، لێرەوه تەمی گرفتەكە برەوینرێتەوه و بێ گرژی و حەساسییەت وەڵامی پرسیارەكان بدرێنەوه كە بەم جۆره دەست پێدەكات و دەڵێت:

یەكهەم تەنها لێم پرسیویت:

-بۆچی لە پاسۆك دەركرایت؟. ئەگەر درۆیه و دەرنەكراویت ، ئەوا داوای بەخشین دەكەم و سەرم دای لە گابەرد[٤]-

بۆ ئەو پرسیاره ، ئەوا بەرێزت و هەمووان دەزانن بەرێز د.ئاگرین لە پاسۆك دەرنەكراوه و تا رۆژی یەكگرتنی هەرسێ حزب –پاسۆك ، سۆشیالست ، گەل- ئەندامی مەكتەبی سیاسی پاسۆك بوو و لە حزبی یەكگرتن یشدا هەر ئەندامی مەكتەبی سیاسی بووه. واته لە پاسۆك دەرنەكراوه ، بابڵێین بەرێزت لە پەلەپەلەكردنی نووسینەكەتدا كاژیكت لێ بووه بە پاسۆك ، لەسەر رۆشنای نووسینەكانی پێشووت مەبەست لەو بەیانەیە رۆژی ١٩٧٥/١/٢٥ چەند برادەرێكی خوێن گەرمی ناو ریزەكانی كاژیك دەریان كردووه و لە شێوەی كودەتایەك دا بەسەر قیادەی كاژیك دا بڵاویان كردەوه ، بەو حونجەتەی دژ بەو بریارەی سەركردایەتی كاژیك بوون كە بەرلە ١٩٧٤/٣/١١ دەریان كرد و تیایدا بریاریان دابووه ، هەموو چالاكیەكی رێكخستنی حزبی كاژیك رابگرن و هەموو توانا و خەباتی برادەرانیان بخەنە ژێر

سەرکردایەتی سەرۆك مستەفا بارزانی نەمر و دژی رژێمی بەعسی سەدامی بجەنگن ((ئەمە بێ ئەوەی هیچ رێکەوتنێکیشیان لەگەڵ سەرۆکی نەمر مستەفا بارزانیدا کردبێت)) ئیدی ئەو بەیانە کارێکی ناوخۆیی ئەو حزبە بووە چ پەیوەندیەکی بە فایل رەشی یاخود دووڕوویییەوە نەبووە و لەو بەیانەدا ئەم ناوانە بەناوی سەرکردایەتی کاژیك لە ریزی رێکخستنەکانی کاژیك بەناوی صریحەوە گوایە دەرکراون:

((دکتۆر جەمال نەبەز ، ئەحمەد هەردی ، عەبدوڵا ئاگرین ، محەمەد عەزیز ، کامیل ژیر ، شێخ محەمەد هەرسین ، عەبدوڵا جەوهەر ....)) جێی ئاماژەیە لە دوای دەرکردنی ئەو بەیانە ، چالاکی ئەو کوڕ و کاڵە خوێن گەرمانە تا ١٩٧٥/٣/١١ ونسکۆ شۆڕشی ئەیلول بڕی کرد و ئێستاشی لەگەڵ دابێت نە ناو نە نیشان نە دەنگ و نە رەنگیان نەما و چونە خەبەری کانەوە ، بەپێی پەیڕەوی ناوخۆش تەنها کۆنگرە دەستەڵاتی لا بردنی سەرکردایەتی هەیە.

دووهەم: دەڵێت –لێم پرسیویت بۆچی لە هاوکاریدا ستایشی عەبدوڵا عەبباست دەکرد؟ ئەگەر بوختانە زمانم لە گۆ بکەوێت[٥]-

بۆ وەڵامی ئەم پرسیارەش ، هەموو ژمارەکانی ئەودەمەی رۆژنامەی هاوکاری پشکێنرا ستایشی شەخسی عەبدوڵا عەبباس لەلایەن د.ئاگرین وە تیانەبینرا ، ئەو ژمارەیەی ئاماژەی پێکراوە ، باس لە ناوەرۆکی شیعرێکی کردووە و وتویە: ناوەرۆکی ئەو شیعرە لە خزمەت رەش و رووتی میللەتدایە......بەرێزیشت لە نووسینێکی پێشتری خۆت دا ئەم بۆچونە دەسەلمێنیت روو لە د.ئاگرین دەکەیت و دەڵێت: -نووسیوتە بەرهەمی عەبدوڵا عەبباس و سەلاح شوان لە خزمەت رەش و رووت و چەوساوەی میللەتەکەماندایە[٦]- .... باس کردنی ناوەرۆکی ئەدەبی لە پیاداهەڵدانی شەخسی جیاوازە بەتایبەت لە کار و لێکۆڵینەوەی ئەکادیمیانەدا ، بەجیاوازی بیروباوەڕ و هەڵوێست و ئاین و رەگەز باسکردنی بەرهەمی هەر نووسەرێك ئاساییە ، خۆ ئێستا دەیان توێژینەوەی زانستیانە و نامەی ماستەر و دکتۆرا هەن زۆربەیان ئەسڵەن هیچ بایەخێك بە ئینتمای فیکری حزبایەتی خاوەن نووسین نادەن بەڵکو ناوەرۆك و روخساری ئەو بەرهەمە ئەدەبییە هەڵدەسەنگێن بۆ نموونە ، لە بەشی کوردیی کۆلێژی پەروەردەی زانکۆی سەلاحەدین لەو نامەی ماستەرەی رۆژی ٢٠٠٤/٢/١٤ لەلایەن قوتابی ئاریان ئیبراهیم محەمەددەوە ، بە ناونیشانی (رۆژنامەی برایی-برایەتی و رۆڵی لە پێشخستنی ئەدەب و رۆشنبیری کوردیدا (( ١٩٦٧-١٩٧٤ )) ) تاو و تو کرا بەرهەمە شیعرەکانی عەبدوڵا عەبباس و عەبدوڵا پەشێو و سەلاح شوان و ئەنوەر قادر جاف توێژینەوەی لەسەریان کردبوو ناوهێنانی ئەو شاعیرانە ، لە توێژنەوە ئەکادیمیەکانیان دا نەبووە بە خەوش ، بەڵکو لێکۆڵینەوە و هەڵسەنگاندنی بەرهەمی ئەدەبی ، بەو روحیەتەوە ، رەگەزێکی بەهێز و پاڵ پشتی سەرخستنی کارەکە یە ، باس کردنی ناوەرۆکی شیعری عەبدوڵا عەبباس یاخود سەلاح شوان یان هەر شاعیر و ئەدیبێکی دی بەخاڵی لاواز دانانرێت.

سێهەم: دەڵێت –لێم پرسیویت ، ئەوە چۆن بوو بە چاوپۆشین لە نزمی نمرەت و بەرزی تەمەنت لە زانکۆ وەرگیرایت ، ئەگەر بە پێچەوانەی قسەی منەوە نمرەت زۆر و تەمەنت کەم بووە ، ئەوا هەرزە گۆیم کرد و سەرم دای لە چیای سەفین[٧]-.

دوای بە دواداچوون دەرکەوت ئەو پرسیارە پەلە کردنی پێوە دیارە ، چونکە ئەو نمرەیەی د.ئاگرین بە دەستی هێناوە بۆ وەرگرتنی زانکۆ ئاسایی بووە و نمرەی دوای ئەویش وەرگیراوە و

تەمەنیش مەرج نەبووە وەرگرتنیش بە شێوەیەکی ئاسایی و سروشتی بووە و وەك هەموو قوتابیەکی ئەو ساڵە لە ڕێگای دائرەی قبوڵی مەرکەزیەوە لە کۆلێژ وەرگیراوە.

لەسەر ڕۆشنایی روون کردنەوەی ٢٠٠٤/٤/٢٧ کوردستان نێتی ، سێ هاوپۆلی سەردەمی قوتابێتی بەڕێز ئاگرین کە وەڵامی ڕاستەوخۆن بۆ ئەو پرسیارانەی بەڕێزت گومانت لێ دەکردن ، ئیدی هەق نەبوو ئەو پرسیارانە دووپات بکرایەتەوە ، چونکە بەسێ شایەتی سەردەمی رووداوەکە بڕوا نەکرێت ، خوێنەر وا زەین دەکات ئەو کەسە پێشەکی بڕیاری ئەوەی داوە لە قسەی خۆی زیاتر بڕوا بە هیچ نەکات.... بڕوا ناکرێت بەڕێز لەوانەبێت ، پێشەکی بڕیاری ئەوەت دابێت. لەگەڵ ئەوەشدا لە شوێنی خۆیدا بەشێکی ئەو روون کردنەوەیە بهێنینەوە یاد کە ئێستا دووان لەو شایەتانە دکتۆرن لە زانکۆی سلێمانی و دەڵێن:- ئێمە لە ساڵی ١٩٧٩دا تا ساڵی خوێندنی ١٩٨٣-١٩٨٤ کۆمەڵێك قوتابی بووین کە زۆربەمان مامۆستا و فەرمانبەریش بووین ، کاتێکیش کە قۆناغی ئامادەیمان تەواوکرد و ئاسایی فۆرمی وەرگرتن لە زانکۆمان پڕکردەوە و بەپێی نمرەی خۆمان وەرگیراین کە مەرجی تەمەن لە ئارادانەبوو ، زۆربەشمان سەربازیمان لەسەر نەبوو، ئەوکاتە ئێمە کۆمەڵێك هاوڕێی خاوەن هەڵوێست بووین و کاك دکتۆر عەبدوڵا ئاگرین مان لەگەڵدا بوو ، خولیاشمان ئەوە بوو کە بەشی کوردی تەواو بکەین ، بۆیە بەپێی ڕێنماییەکان و نمرەی بەدەستهاتوو و هەلومەرجی تایبەت بە وەرگرتن لە کۆلێژ وەرگیراین و وەرگرتنیش ئاسایی لە ڕێی دائرەی قبوولی مەرکەزیەوە بووە و ناوەکانیش بە ئاشکرا بە دیواری زانکۆوە هەڵواسرا[٨]-

پاش بڵاوکردنەوەی ئەو دیکۆمێنتە کە دەلیلێکی قەتعی ماددی و مەعنەویە ، ئیدی ماوە بۆ ئەوە نەماوەتەوە ، لەو ڕووەوە ، باس بکرێت و پرسیار بوروژێنرێت.

دوای ئەو روون کردنەوەیە و هەندێك بەدواداچوون ، ئەو ڕاستیەی دەرخست نەك وەرگرتنی تەنها بەڕێز ئاگرین ، بەڵکو چەندەها قوتابی دیش ، پێش ئەو ساڵە و دوای ئەو ساڵەش لە زانکۆ ئاسای وەرگیراون. بۆ نموونە: مامۆستا تەها ساڵح و نەجمەدین فەرەج ناسراو بە مەلا کرێکاری گروهی ئیسلامی لە بەشی عەرەبی هەمان کۆلێژ بوون ، ئەم حاڵەتە نەك تەنها لە زانکۆی سەلاحەدین هەبوو ، بەڵکو چەندەها مامۆستا و فەرمانبەری دی بێ مۆڵەتی رەسمی دائرە و قوتابخانەکانیان لە زانکۆی موسڵ بەیانیان دەیان خوێند و ئێواران بۆ هەولێر دەگەڕانەوە ، و لە دەوامی ئێواران ئەرکی مامۆستایەتی یاخود فەرمانبەری خۆیان بەجێ هێناوە ، لەوانە مامۆستایان عەزیز گەردی ، حسێن عەلی وەلی ، ئێستا دکتۆرن لە زانکۆی سەلاحەدین. هەروەها مامۆستایان و فەرمانبەران – تایەر تەیب ، حاجی ئەحمەد ، حسام بەرزنجی هەموو ئەوانەی ناویان برا بەوجۆرە لە زانکۆ وەرگیراون و خوێندنیشیان تەواوکردووە هەر وەك بەڕێز د.ئاگرین وەرگیراوە وخوێندنی تەواوکردووە بێ ئەوەی هیچیان سوپای میلیان کردبێت یاخود خاتریان لە رووی کەمی نمرە و بەرزی تەمەنەوە گیرابێت هەمووشیان وەك بەڕێز ئاگرین مامۆستا یاخود فەرمانبەر بوون و هاوتەمەن یاخود نزیکی تەمەنی بوون. وەرگرتنی هەموویان ئاسایی و سروشتی لە ڕێگای دائرەی قبوولی مەرکەزیەوە بووە و ئەوانیش بە ئاشکرا لەگەڵ هەموو قوتابیانی وەرگیراودا ناوەکانیان بڵاوکردونەتەوە و لیستەکانیان بە دیواری زانکۆدا هەڵواسراوە.

چوارهەم: دەڵێت –لێم پرسیویت- ئەگەر دژی پۆشینی سوپای میللی بوویت ، ئەدی بۆچی وەك هاوپۆلەکانت ساڵێکی خوێندنت نە فەوتا؟ ئەگەر تۆش ساڵێکی خوێندن لە کیس چووە ، ئەوا هەرچیم گوتووە پەشیمانم و زمانم بشکێت[٩]-

بۆ وەڵامی ئەو خاڵەش جگە لە شایەتی سێ هاورێ کەی سەردەمی قوتابێتی کە لە رووی شەرع و یاسا و شارستانییەوە و دەلیلی قەتعی و مەلوس دەبەخشن چەندین شایەتی زیندوش لەژیاندان و راستییەکەی دەزانن کە لەسەر مەسەلەی نەپۆشینی سوپای میللی بە بیانووی جیاجیاوە لەلایەن راگری کۆلێژەوە مضایەقە کراوە و ئەوانەی ئێستا لە ژیاندا و ئاگاداری ئەو مەسەلەیەن: دکتۆر محەمەد نوری عارف ، دکتۆر محەمەد مەعروف مۆریاسی ، دکتۆر کوردستان موکریانی ، دکتۆر جەمال رەشیدیش ئاگادارن کە چۆن راگری کۆلێژی ئاداب دکتۆر ئیسماعیل هاشم لازم د.ئاگرین و هاوپۆل و هاوتەمەن و هاوماموستاکانی کە قوتابی بوون مضایەقە دەکران.

ئەمەش شایەتی ئەو سێ هاوپۆلەین ، لە روونکردنەوەکەیان دا دەڵێن: -ئێمە لە نزیکەوە ئاگاداری هەوڵۆیست و دڵسۆزیی ئەو ((ئاگرین)) بووین ، وەك ئەدیبێکی بە هەڵۆێست ، چونکە شەو و رۆژ بە تایبەت لەو چوار ساڵە پێکەوە خوێندنمان تەواوکرد ، کەچی تۆمەتی جەیشی شەعبی بوونی دەخەنە پاڵ ، ئەمەش درۆیەکی ئاشکرایە و زۆر زۆر لە راستیەوە دوورە چونکە نە بەرگی جەیشی شەعبی وەرگرتووە و نە جەیشی شەعبیشی کردووە[١٠]-

بۆ زیاتر دڵنیاکردنی بەرێزان لەراستی شایەتی ئەو هاوپۆلانەی ئاگرین ئەوەش شایەتی خاتوو دکتۆر شوکریە رەسوڵ کە سەرۆکی بەشی کوردی کۆلێژەکە بووە دەڵێت: دەمەوێت بە جەنابت (( حەمەسەعید حەسەن )) بڵێم ، کە من ساڵی ١٩٨٢ سەرۆکی بەشی کوردی بووم بە هیچ جۆرێك عەبدوڵا ئاگرین لە بەشی کوردی پۆشاکی وەرنەگرتووە و بەچاوی خۆشم نەمدیووە[١١]-

بەڵام دەربارەی وەڵامی ئەو پرسیارەی روو لە بەرێز ئاگرین دەکەیت و دەڵێیت: بۆچی وەك هاوپۆلەکانت ساڵێکی خوێندنت نەفەوتاوە؟.

بەرێز حەمەسەعید: هاوپۆلەکانی قۆناغی چواری ئەو ساڵی خوێندنە هەموو (٢٧) قوتابی بوون ، لەوانە (٢٦) قوتابیان دەرچوون بۆ نموونە: هۆگر مەحمود فەرەج ، هیدایەت عەبدوڵا حەیران ، محەمەد ئەمین ئەحمەد-مینە- ، گوڵاڵە عەبدولحەکیم مەعروف ، پەروین یارە محەمەد ، عەبدولحەکیم ئەحمەد محەمەد ، ئەحمەد رەوف عەزیز ، ئیسماعیل قادر ئەحمەد ، موسێ عەوڵا رەسوڵ ، بارزان حەسەن کەڵەمێرد ، سەلیمە ئەحمەد محەمەد ، شوان حەسەن کەڵەمێرد ...... تا دوایی- ئەو قوتابیانەی پۆلی چوار لەگەڵ بەرێز ئاگرین پێکەوە خوێندویانە و پێکەوە دەرچوون بێ ئەوەی هیچیان ساڵێکیان فەوتا بێت یاخود بەرگی سوپای میللیان پۆشیبێت.

پێنجەم: دەڵێت –لێم پرسیویت- بۆچی لە نسکۆی شۆرشی ئەیلوولەوە تا راپەرین کە تۆ لەوماوەیەدا لە سایەی بەعسدا ژیاویت ، تووشی هیچ کێشەیەك نەهاتوویت ، ئەگەر لەو پانزە ساڵەدا ، بەعس زڵلەیەکی لێ داویت ، ئەوا لە قسەی خۆم پاشگەزم سەری رێزت بۆ دادەنەوێنم ، ئەگەر بە ناحەق یەك تۆمەتم وەپاڵت داوە ، تکایە دەسنیشانی بکە[١٢]-

بەرێز حەمەسەعید روو لە بەرێز د.ئاگرین دەکات و دەڵێت: ئەگەر بە ناهەق یەك تۆمەتم وەپاڵت داوە ، تکایە دەستنیشانی بکە؟. هەروەها دەڵێت ، گەر ئەو قسانە وا دەرنەچوون ئەوا سەری رێزت بۆ

دادەنوێنم ... ئەو هەڵوێستە نوازشێکی مەزنە و تا ئێستا لەو پێنج پرسیارە چوار خاڵیان بە بەڵگەوە ڕاستیەکانیان سەلمێنراو لایەنە شاراوەکانیان ئاشکراکران و بۆ وەڵامی پرسیاری پێنجەمیش ، بەڕێزان مەرج نییە مرۆڤـــ خۆی بەشان و باڵی خۆیدا هەڵبدات ، چونکە ئێستا هەقیقەتی هەموو شتەکان لە ڕابوردوو و ئێستا و ئایندەشدا وەك تیشکی ڕۆژ دیارن و بە نهێنی و شاراوەیی نامێننەوە بەڕێز د.ئاگرینیش لە کوردستاندا مرۆڤێکی نەناس نییە ، ژیان و هەڵوێستی ڕابوردوو و ئێستا دیارە و بۆ کردار و هەڵوێستی نیشتمان پەروانەی باجی خەباتی داوە.

ئاشکراشە کە بەڕێزت بەدوای ڕاستیدا دەگەڕێت ، دەرخستنی ئەم هەقایقانەشت پێ باشە ... دوای بە دواداچوونێکی ورد سەبارەت ژیانی ڕابوردوو هەڵوێستی د.ئاگرین زۆر هەڵوێستی نیشتمانپەروەرانە هەبوون و ئەمانەش مشتێکن لەوانە:

١- بەڕێز د.ئاگرین لە ١٩٧٥/٤/١ تا ساڵی ١٩٧٨ لەسەر کوردایەتی و بەشداربوونی لە شۆڕشی ئەیلول دا ، بە بڕیاری ڕاستەوخۆی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی عێراق -ڕژێمی بەعس- بۆ شاری سەماوە باشووری عێراق نەفیکراوە ، لەگەڵ ئەمانەدا بووە ، فائق تۆفیق ، عەبدول سۆران ، ئەحمەدی حاجی سالحی قاسم ، بابا عەلی شێخ تاهر ، شەفیق ئەحمەد ئاغا ، بلال عەزیز ، عەلی هەژار ، ئەنوەر رەئیس ، نظام الدين گلی.

٢- ساڵی ١٩٧٨ ، لەوکاتە لە نەفی هاتەوە سلێمانی بە ئەندامی دەستەی ئیدارەی یەکێتی نووسەرانی کورد لقی سلێمانی هەڵبژێردرا ، بەرۆژ لە ئامادەیی پیشەسازی مامۆستا و بەشەویش لە قوتابخانەی ئامادەیی ئێواران قوتابی بوو ، سەرۆك و سکرتێری لقی یەکێتی ئەدیبانی سلێمانی ئاگادارن چۆن لەلایەن ئەمنی سلێمانییەوە بە توندی مضایەقە دەکرا ، ئەویش وەك ئەدیبە خۆڕاگۆڕەکانی دی کە لەلایەن ئەمن و بەعسەوە مضایەقە دەکران خۆی ڕاگرت چۆکی بۆ دانەداون.

٣- نزیکەی دوو مانگێك بەر لە ڕاپەڕینی ١٩٩١ دیسانەوە لەلایەن ئەمنەوە بەڕێز د.ئاگرین و بەڕێز هوشیار بەرزنجی شاعیر بە تۆمەتی چالاکی دژی بەعس لەلایەن ئەمن و ڕژێمی صدامەوە مضایەقە کران و ڕاودونران و مقدم محەمەد دووری بەدوایاندا دەگەڕا.

بەڕێزان: ئامانج لە بەدواداچوونی ئەم بابەتە موزایەدە نییە و ڕوون کردنەوەی ڕاستییەکان و تەنها بەرژەوەندی گشتی و نیاز پاکی و دڵسۆزییە بۆ هەردوو بەڕێزان ، ئەو بەڵگە و دیکۆمێنتە زیندوانەش بەتەواوەتی مەسەلەکەیان یەکلایی کردەوە و ڕاستیان چەسپان و مەودای هیچ پرسیارێکیان نەهێشتۆتەوە.

بەڕێز حەمەسەعید حەسەن ، بەدڵ دەخوازم ئەو دوعا و تەمەنیاتانەی وەڵامی پاشکۆی پرسیارەکانت بوون ، کە دەڵێت ، گەر ئەو قسانەی وتوومن ڕاست دەرنەچوون ئەوا: سەرم دای لە گابەرد ، زمانم لە گۆ بکەوێت ، هەرزەگویم کرد ، سەرم دای لە چیای سەفین ، زمانم بشکێت- نەیە نەدی ، تەندروست و سەلامەت بیت ، بەگیانی وەرزشکارانەوە لەگەڵ بەڕێز د.ئاگرین دەستی ئاشتی و برایەتی یەکتر بگوشن و لە جیاتی ئەوەی هەستی یەك بریندار بکەن و خەڵکیش بە شتی لاوەکییەوە خەریك بکەن. پەیڤی ئەدەبی جوان و هەست ناسك پێشکەش بە میللەت بکەن ... ئەوەشە بە زیندوی بۆتان بمێنیتەوە ... خۆشی و سەرکەوتنتان بۆ دەخوازم ..... لەگەڵ ڕێزم بۆ هەمووان.

**پەراوێز**

**(١)- کوردستان نێت ٢٠٠٤/٥/٣.**

**(٢)- کوردستان نێت ٢٠٠٤/٩/٢٥.**

**(٣ ، ٤ ، ٦ ، ٧ ، ٩ ، ١٢)- کوردستان نێت ٢٠٠٤/٦/٩.**

**(٥)- کوردستان نێت ٢٠٠٤/١١/٦.**

**(٨ ، ١٠)- کوردستان نێت ٢٠٠٤/٤/٢٥.**

**(١١)- کوردستان نێت ٢٠٠٤/٤/١.**

********************